


# کاتژمێرێکی زیرەک بۆ لەشجوانی

کاتژمێرە زیرەکەکان کارکردەکەیان لە بواری وەرزش و چالاکی وەرزشیدا چڕکردۆتەوە، جگەلەوەی هەندێکیان بە مۆبایل پەیوەند دەدرێن و کورتەپەیام و پەیوەندییەکان دەکرێت هەر لە کاتژمێرەکە وەڵام بدرێنەوە.

کاتژمێری زیرەکی Suunto 7 تێکەڵاوێکە لە کاتژمێری کلاسیک و زیرەك. دیزاینەکەی وەك کاتژمێرێکی کلاسیك دەچێ، بەڵام تواناکانی وەك کاتژمێرێکی زیرەك.


کاتژمێرەکە چاودێری نزیکەی ١٥ چالاکی وەرزشی تێدایە. هەروەها تایبەتمەندێك کە لەوکاتژمێرەدا بەرچاو دەکەوێ و لە کاتژمێرەکانی دیکەدانییە، ئەوەیە کە نەخشەکانی ڕۆیشتنی بەکارهێنەرەکەی بەشێوەی ئۆفلاینیش واتە بەبێ هێڵی ئینتەرنێت نیشان دەدا.

شاشەکەی بازنەیەی و سەرنج ڕاکێشە و لە جۆری OLED یە کە وەك جامێکی ڕوون دەچێت و لە ژێر تیشکی هەتاویشدا نیشان دەدرێت.

کاتژمێرەکە لە ئاودا تێکناچێ و دژە بەرکەوتنە و دژە تۆز و خۆڵە. سیستەمی GPSی تێدایە و دەکرێت نەخشەکان بەشێوەی ئۆفلاین بەشێوەی ڕەنگی و بە وردبینیەکەی زۆرەوە ببیندرێ.

ئەگەر بەردەوام کاری پێبکرێ باترییەکەی تا ١٢ کاتژمێر دانابەزێ، بەڵام لە حاڵەتی ئاساییدا هەتا دوو ڕۆژ دانابەزێت.

# ڕۆبۆتی زیرەکی PiBo هاوڕێیەک بۆ ساتەکانی تەنیایی



ئەگەر بەتەنیا لە ژوورێك دا دەژی، یان بەهەر هۆکارێك بێ کەسێکی وا نییە هاودەمی کاتە تەنیاییەکانت بێ. یا گیانلەبەرێکی ماڵی وەك سەگ و پشیلەت نییە، ئەوە ڕۆبۆتی زیرەکی PiBo هاودەم و هاودەنگێکی باشە.

ڕۆبۆتەکە بەرهەمی وڵاتی کۆریای باشوورە، هاوکارتە لە ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانەدا. بۆ نموونە وەك کاتژمێرێکی زەنگدار دەتوانی سوودی لێوەربگری، لە کەش و هەوای ڕۆژانە ئاگادارت دەکاتەوە. هەواڵەکانی ڕۆژ دەخوێنێتەوە. ئەو مۆسیقا و گۆرانییەی حەزت لێیەتی بڵاودەکاتەوە. هەروەها وێنەش دەگرێ و کارەکانی ڕۆژانەت بیردەخاتەوە.

ڕۆبۆتەکە دەکرێت لە فرۆشگایەکی بچووکدا هاوکارت بێ. ئەگەر کاری پرۆگرامنووسی ڕۆبۆت بزانی دەکرێ پرۆگرامی نوێی بۆدابنێی و ئەرکی زیاتری پێ بسپێری.

ڕۆبۆتەکە بەرزایی ٣٠ (سم)ە. هەموو شوێنێکی دەجوڵێت، دەست بەرزدەکاتەوە و پیاسە لە ژوورەوە دەکات.



# چوارچێوەی وێنەی زیرەک بۆ نیشاندانی وێنەکان

چوارچێوەی وێنەی زیرەك واتە smart farme لەراستیدا پێکهاتووە لە شاشەیەك بە قەوارەی چوارچێوەیەکی وێنەی کلاسیکی کە بە دیوار هەڵدەواسرێ و وێنە دیجیتالییەکانی نیشان دەدا.

لینۆڤۆ لەم ماوەیەدا چوارچێوەیەکی وینەی دیجیتالی بەرهەم هێناوە کە دەکرێت ئەلبۆمە دیجیتالییەکانی تێبخرێ و بە دیوار هەڵبواسرێ و بەپێی کاتێك کە بۆی دیاریکراوە وێنەکان بگۆڕێ.

شاشەکە٣٠ ئینجە. چوارچێوەکە بە تیشکی خۆر تێکناچێ و دەتوانێت وێنەی شاشەکە لەگەڵ وێنەی دەوروبەر بگونجێنێ. کوالیتی نیشاندانی فوول ئیچ دییە. هەستەوەرێکی جوڵەی دەستی تێدایە، بەکارهێنەر دەتوانێت هەر بە جوڵەی دەستی خۆی کۆنترۆڵی نیشاندان بکا، بۆ نموونە ئەگەر دەست لە چەپەوە بۆ لای راست بکێشی، وێنەکە دەگۆڕدرێ. هەروەها دەکرێت لە رێگای مۆبایلەوەش کۆنترۆڵی چوارچێوەکە بکەی. چوارچێوە سمارتەکە لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و خۆی راستەوخۆ وێنەی کۆلاژییش دروست دەکا. وێنەی کۆلاژ بەو وێنانە دەگوترێ کە لە چەند وێنە پێکهاتوون. بۆخۆشی سەدان وێنەی هونەری لە دیمەنەکانی سروشت تێدایە لەگەڵ شاکاری هونەرمەندانی مەزنی جیهان. جگە لە وێنە دەکرێت کورتە فیلمیش نیشان بدات.

## کامێرای چاودێری و زەنگی دەرگا




لەمێژ ساڵە زەنگی دەرگاکان کامێرای تایبەت بەخۆیان هەیە و بەکارهێنەر یان ئەوانەی لە ماڵەوەن دەتوانن ئەو کەسانەی لە پشت دەرگاکەن ببینن و قسەی لەگەڵ بکەن و ئەگەر ویستیان دەرگای لێبکەنەوە..

لە سەرەتای قۆناغی زیرەك بوونی ئامێرەکان، زەنگی دەرگاکانیش گۆڕانیان بەسەرداهات، ئێستا زەنگی دەرگاکان لەگەڵ مۆبایلە سمارتەکان پەیوەند دەدرێن و تەنانەت ئەگەر لەماڵەوەش نەبی دەزانی کێ لە دەرگای داوە و چەندە لەبەردەرگا وەستاوە.. دەتوانی ئەگەر لەماڵەوەش نەبی دەرگا لە کەسانی پشت دەرگا بکەیەوە..

کامێرای زەنگی دەرگا لە جۆری Chime HD 1080P نوێترین کامێرای وای-فای وایەرلەیسە. دەتوانی لە دوورەوە لەگەڵ کەسی پشت دەرگا قسە بکەی. لە جوڵەی کەسانی نامۆ کە بەردەرگادا دەڕۆن ئاگادار بی.

ئاوێنەیەکی ١٦٦ پلەی هەیە و دەتوانی بەهۆی ئەپێکی مۆبایلەوە ئەگەر ئاگاداریش نەبووی کەسێك هاتۆتە بەردەرگا خۆکار بەهۆی ئەو دەنگانەی پێشتر تۆمارت کردوون وەڵام بدەیەوە.



باتری کامێراکە هەتا ٥ مانگ دانابەزێت. بە ماوەیەکی زۆر کەمیش شەحن دەبێتەوە. ئەگەر ئەکاونتێکی تایبەت بەخۆت لە ئینتەرنێت دا دابنێی دەتوانی هەمیشە وەك کامێرایەکی چاودیری بە وردی سەیری هەر رووداوێك بکەی کە لە دەوروبەری ماڵەوە روو دەدەن.




# مەچەکبەندی سەردەمی کۆرۆنا

کرۆنا پەتا و بەڵایەکی گشتگیری جیهانی، وای کردووە هەم ژیان لە زۆر رووەوە بوەستێ و هەم ژیان گۆڕانی بەسەردابێ، هەم بەشێك لە تەکنەلۆژیا لەگەڕ بکەوێ و هەم داهێنانی نوێ بۆ بەرگری لەم پەتایە بەرهەم بێ.

مەچەکبەندی Huawei Band 6، سەرەڕای دیزانێکی سەرنج راکێشی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە لە بازووبەندە سمارتەکاندا هەیە. چاودێرێکی تەندروستییە بە گشت ماناوە. ئاگادارکەرەوەی زەنگی مەترسی کۆرۆنایە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە بەردەوام ڕێژەی ئۆکسیجینی ناو خوێن و لێدانی دڵت نیشان دەدا کە ئەمەش بەرزی و نزمیان نیشانەیەکی کرۆنایە. مەچەکبەندە زیرەکەکە لە زۆر لەو ئامێرانە وردتر و ڕێکتر ڕێژەی ئوکسیژێنی ناو خوێن دەپێوێ. ڕێژەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و چۆنییەتی خەوتن، دوو تایبەتمەندی دیکەی دەستبەندە زیرەکەکەن. ئەگەر ڕێژەی سترێست لەسەرێ بوو، هاوکاریت دەکا کە چۆن لەو سترێسە رزگارت بێ، بۆ نموونە ئاگادارت دەکاتەوە، هەناسەی قوڵ بدە. بۆ ماوەیەك لە شتێك رامێنە. بۆ کێشەی خەویش زیاتر لە دوو سەد پێشنیارت پێدەکا تاکو باشتر بنووی.

مەچەکبەندەکە یارمەتیدەرێکی باشی خانمانە، بیریان دەخاتەوە چ کاتێك تووشی سوڕی مانگانە دەبن، خانمانیش دەتوانن هەندێك زانیاری لە بارەی سوڕی مانگانە بە دەستبەندەکە بدەن تاکو لە کات و ساتی خۆیدا بیریان بخاتەوە.

چاودێر و ڕاهێنەرێکی باشی وەرزشییە، ڕێژەی کالۆری سووتێندراو، مەودای رۆیشتن، چۆنییەتی چالاکی جەستە..تاد. لە تایبەتمەندییەکانی دەستبەندە زیرەکەکەن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چ بکەم کە فەیسبووکەکەم هاك نەکرێ؟**

خوێنەری بەڕێز لەناو ئێمەدا ئەو پەندە باوە کە دەڵێن ماڵی خۆت توند بگرە و کەس بە دز مەگرە. بۆ ئەوەی کە دزیت لێنەکرێ و نەچنە ناو ماڵە مەجازییەکەتەوە دەبێت دەرگاکان بەباشی دابخەی. قفڵەکەت پاسۆرد واتە کۆدی نهێنییەکی بەهێز نەبێ، نەك ژمارەکانی ١٢٣ یا ژمارەی مۆبایلەکەت یا ساڵی لەدایکبوونی خۆت و منداڵەکەت.. دەبێ پاسۆردەکەت لە پیتی بچووك و گەورە و ژمارە و کاراکتەر پێکهاتبێ و لە ٨ کاراکتەریش کەمتر نەبێ.. دواتر لە بەشی سیکوریتی فەیسبوکەکەت، چەند بەشێك هەیە دەبێ پڕی بکەیەوە، وەك دانانی ناوی سێ هاوڕێی خۆت، کۆدی نهێنی دووەم.. فەیسبووکەکەت لەگەڵ ژمارەی مۆبایلەکەت پەیوەند بدە. بۆ ئەوەی کە کێشەیەك هاتە پێش لە ڕێگای مۆبایلەکەتەوە چارەسەری بکەی..

# پرینتەرێک بۆ ئارایشی خانمان



پرینتەر (printer) بەو ئامێرە دەگوترێ کە داتاکانی سەر کۆمپیوتەر یا مۆبایل یا هەر ئامێرێکی دیکە دەگوازێتەوە بۆ سەر کاغەز یا پارچە یا هەر تەنێکی دیکە.

لە پێشانگای ساڵانەی CES ئەمساڵدا پرینتەرێك تایبەت بە خانمان بۆ ئارایش کردن خرایەڕوو کە بە جۆری Opte ناسراوە.

کارکردی پرینتەرەکە ئەوەیە کە ئەو پەڵە و خاڵە رەشانەی کە لەسەر روخسار دەبیندرێ بەو رەنگەی کە لەناو پرینتەرەکە دایە بشارێتەوە.

پرینتەرەکە دەستییەکە بچووکە، سێ جۆر حیبیری دەکرێ. سەرەتا پرینتەرەکە سکانی روخساری بەکارهێنەرەکەی دەکا و پاشان لەو حیبرانەی تێیدایە رەنگێك دروست دەکا کە ڕێك وەك پێستی بەکارهێنەرەکەی بێ و پاشان ئەو خاڵ و پەڵانەی بە روخساری بەکارهێنەرەکەیەتی بەو رەنگە دادەپۆشێ. پرینتەرەکە زۆر زیرەکانە تەنیا خاڵە رەشە و زیبکەکان دادەپۆشێ و رەنگ ناپڕژێنێتەوە سەر ئەو بەشەی کە کێشەی نییە. ئەو رەنگەی تێیدایە بەشی ٦٠ جار ئارایش کردن دەکات.



# کامێرایەکی وێب به تایبەتمەندی ناوازەوە




وێب کام یا بە واتایەکی دیکە ئەو کامێرایانەی کە تایبەتن بە پەیوەندیی لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گرنگی خۆیان هەیە، هەرچەندە لاپتۆپ و مۆبایلە هۆشمەندەکان خۆیان کامێرایان هەیە، بەڵام ئەگەر بتهەوێ سیمینار و کۆڕ بەڕێوە ببەی یان وانە بڵێیەوە وتار بدەی، پێویستتە بە کامێرای وێبی تایبەتە. کامێرای وێبی OBSBOT Tiny PTZ کامێرایەکی ناوازەیە. فیلمەکان بە کوالیتی فول ئیچدی دەگرێت. توانای وگەورەکردنە و زووم کردنی بەرزە. گرنگترین تایبەتمەندی ئەوەیە کە هۆشمەندە و لەگەڵ جوڵەیە بەکارهێنەرەکەی دەجوڵێت. واتە ئەگەر بەکارهێنەرەکەی لاربێتەوە یان دووربکەوێتەوە ئەوە خۆکار کامێراکە ڕێکی دەخاتەوە. وێب کەمەکە هەتا ١٥٠ پلە بەلای ئاسۆییدا و ٤٥ پلە بەلای ستوونیدا دەسوورێتەوە. مایکەکانی تایبەتن و ڕێگری دەکات لە دەنگە دەنگی زیادی و قەرەباڵغی.



## کتێبخانەیەکی مەزن و دەگمەن لەم ماڵپەڕەدا

جیهانی دیجیتالی ڕێڕەوی جیهانی خوێندنەوەی گۆڕیوە، شێوازی خوێندنەوە گۆڕاوە، ئەمڕۆش نەبێ سبەی و لە داهاتوویەکی نزیکدا خوێندنەوەی سەر کاغەز نامێنێ، کتێبخانە ئەلکترۆنییەکان و تەبلێتە کتێبخوێنەوەکان شوێنی کتێبخانە دەگرنەوە. لە ئینتەرنتێدا بە هەزاران ماڵپەڕ هەن تایبەتن بە کتێب و کتێب خوێندنەوە و کتێبخانە..

یەکێك لە ماڵپەڕە گرنگەکان ماڵپەڕی https://openlibrary.org/ە.
لەم ماڵپەڕەدا بە هەزاران کتێبی دانسقە و نایابی تێدایە. کتێبە زۆر کۆنەکان بە هەمان شێوازی خۆی، جیاوازی ئەم ماڵپەڕە لەگەڵ ماڵپەڕەکانی دیکە ئەوەیە کە کتێبەکانی بە سێ جۆر تێدایە، بەهەمان شێوەی کلاسیکی خۆی واتە کتێبێك دوو سەد ساڵ لەمەوبەر چۆن چاپکراوە هەر بەم شێوەیە، بە شێوەی دیزاینی ئێستا و بە شێوەی دەنگ. ماڵپەڕێکی کراوەیە دەتوانی خۆت کتێبێك زیاد بکەی، یان فایلێکی دەنگی تایبەت بە کتێبێك دابنێی..

# لاپتۆپی چەماوەی ئەنتەل



لە پێشانگای CESی ئەمساڵدا چەند کۆمپانیایەك بە خستنەڕووی لاپتۆپی نووشتاوە بەشداریان کرد.

لاپتۆپی نووشتاوە بەم لاپتۆپانە دەگوترێ کە وەك کاغەز دەنوشتێنەوە، دەبن بەیەك شاشەی مەزن و هەروەدا دەبن بە دوو شاشەی لێکجیا بەبێ مەودایەك لەنێوانیاندا هەبێ.

پێشووتر باسی لاپتۆپی نووشتاوەی کۆمپانیای لینۆڤۆمان کردبوو، کە لاپتۆپێکی چەماوەی ١٣ ئینجی بوو. کۆمپانیای ئەنتەلیش لاپتۆپێکی لەمشێوەیەی بەرهەمهێناوە بەڵام قەوارەکەی مەزنترە واتە ١٧ ئینج و بە لاپتۆپی جۆری Horseshoe Bend ناسراوە.

لاپتۆپەکە خۆی تەبلێتێکی مەزنە بەڵام کاتێك دەنووشتێتەوە دەبێتە لاپتۆپێکی ١٢ ئینجی و دەکرێت کیبۆردێکی بێ وایەر یا کیبۆردێکی دیجیتالی بۆ دابندرێ.